# بارین

یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلی لەگەرمیان

ژمارە (دوو)ی نیسانی ٢٠٠٧


## ڕێکخراوێك بۆبێوەژنانی کوردستان پێکدەهێنرێ

### لەگەرمیاندا ٣١٨٨ بێوەژن هەیە

**بارین – هەولێر - گەرمیان**

بارین زانیویەتی چەند خانمێکی چالاکی بواری مافەکانی ژنان وڕووناکبیرو خاوەن بڕوانامەی بەرز لەهەولێروسلێمانی سەرگەرمی پێکهێنانی ڕێکخراوێکن بۆ بێوەژنانی کوردستان داکۆکیکردن لەمافەکانیان .

بەپێی سەرچاوەکەی (بارین) ئەوانەی ڕێکخراوەکە دادەمەزرێنن دژی بەکارهێنانی وشەی (بێوەژن)ن بۆئەو ژنانەی دوای هاوسەرگیری بەتەنیا ماونەتەوەو دەیانەوێ ئەو ناوە بگۆڕن،لەلایەکی تریشەوە بەگوێرەی ئامارێکی ڕەسمیکەبارین لەفەرمانگەی کەلاری تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتیەوە بەدەستی هێناوە ٣١٨٨ بێوەژن لەسنوری گەرمیاندا هەیەکە ٢١١٠ کەسیان موچەیەکی پچڕپچڕ لە فەرمانگەکە وەردەگرن وتائێستا تەنیا موچەی مانگەکانی نیسان وئایاری ساڵی ٢٠٠٥ یان وەرگرتووە وموچەی هەموو ساڵی ٢٠٠٦ وچوارمانگی ٢٠٠٧ یشیان وەرنەگرتووە ،فاروق ڕەشید محەمەد بەرپرسی فەرمانگەی ناوبراوجگە لە پشتڕاسکردنەوەی ئەو زانیاریانە ئەوەشی وت"٩١٤ بێوەژن لەساڵی ٢٠٠٤ ەوە فایلیان داوەتە ئێمەو تائێستا هیچیان بۆنەکراوە" ئەمە جگە لە ١٦٤بێوەژن کەموچەکانیان بڕاوە ،شیاوی باسە ئەم توێژەی کۆمەڵگا لەگەرمیاندالەڕەوشێکی خراپی دەروونی وکۆمەلأیەتی وئابووریدان.

## مەراسیمی ڕۆژی ئەنفال بێ وتار وبەڵێنی حیزبەکان بەڕێوەچوو.



**بارین – رزگاری**

گەرمیانیەکان لەبەر بارانی بەخوردا لەبەردەم پەیکەری ئەنفال بۆ ١٩ ساڵەی کارەساتەکە ڕاوەستان ، مەراسیمەکە لیژنەیەك لەنوێنەرانی یەکێتی وپارتی و شیوعی و چەند کەسێك لەپاشماوەی قوربانیانی ئەنفال سەرپەرشتیان دەکرد ، وتاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و کەمپینی گەنجانی پاشماوەی ئەنفالی تێدا خوێنرایەوە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی حکومەت بەپاشماوەی قوربانیانی ئەنفالی داوە، لەوتاری کەمپینی گەنجانی رزگاریدا تەئکید کرایەوە ( کەس وکاری ئەنفال کراوەکان لەدۆزەخدان و ژیانێکی کولەمەرگیان هەیە ) و ( کەمپینەکە لەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی دەسەلأت ڕێکەوتووە ئەگەر لەماوەی ٦ مانگداو تا ٢٠٠٧/١٠/١٤ داخوازییەکانی پاشماوەی قوربانیەکان جێبەجێ نەکرێت هەموولا خۆپیشاندان بکەن، مەراسیمەکەی ٤/١٤ کەبەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکان بەڕێوەچوو تیایدا فەیمە کۆچەری یەکێك لەپاشماوەی قوربانیان بەتوڕەییەوە بەبەرپرسانی وت ( ئەگەر لەسەر ئەوحاڵەی خۆتان بەردەوام بن بەشی ڕۆژێکی غەزەبی ئێمە ناگرن ) شیاوی باسە هیچ بەرپرسێکی دەرەوەی گەرمیان ئامادەی مەراسیمەکەنەبوو وتاری هیچ حیزبێکی تێدا نەخوێنرایەوە .

## ڕێکخراوی بەژین بۆژنانی پاشماوەی ئەنفال دادەمەزرێ



**بارین –تایبەت**

ڕێکخراوێکی تازەی NGOبۆژنانی پاشماوەی ئەنفال پیکدەهێنرێت وبارەگای سەرەکی لەناحیەی ڕزگاری دەبێت .خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بەبارینی ڕاگەیاند"ڕێوشوێنی پێویست بۆپێکهێنانی ڕێکخراوەکە گیراوەتەبەرو ستافی بۆپێکهێنراوە وتەنیا چەند ئیجرائێکی شکلی مۆڵەتەکەی ماوە"هەربەپێی ئەوسەرچاوەیە"ڕێکخراوەکە لەسەرەتادا داتا کۆدەکاتەوەو چەندین توێژینەوەی وردی مەیدانی زانستی لەبوارە یاسایی وکۆمەلأیەتیەکاندا لەسەر ژنانی پاشماوەی ئەنفال ئەنجام دەدات ودواتر پرۆژەکانی خزمەتکردنی بەم چینە مەحروم وپەراوێزکەوتووە دەست پێدەکات).

## لەئارایشگایەکدا بوکێك دزی لە یەکێکی تر دەکات و زاوا تەلأقی ئەدا

**بارین - کەلار**

لەئارایشتگایەکی رازاندنەوەی بوکدا لە کەلار بوکێك دزی لە یەکێکی تر دەکات و دەزگیرانی بوکە دزەکەش خێزانی ئایندەی تەلأق ئەدا، بارین ناوی ئارایشتگاکەو کەسانی ناو ڕوداوەکەش دەپارێزێ ، ڕوداوەکە کاتێك رویدا کەبوکی یەکەم دوای رازاندنەوەی ملوانکەیەکی لەئارایشتگاکە دا بیر دەچێت و دوای ڕۆشتنی ئەو بوکی دووەم ئالتونەکەی هەلدەگرێت و دەیکاتە گەردنی ، بوکی یەکەم کەدەزانێت ئالتونەکەی لێ بەجێماوە زواتێدەگەیەنێ و دەگەڕێنەوە سالۆنەکە لەکاتێکدا بوکی یەکەم هێشتا لەوێ دەبێت و ملوانکەکەی لەگەردنایە ، لەو حاڵەدا دەمەقاڵەیەکی توند لەنێوان هەردوو بوك و زاواکەدا ڕوودەدات و سەرەنجام زاوای بوکی دووەم دەزگیرانەکەی تەلأق ئەداو پەروەندەکە دەچێتە دادگاو هەردوو بوك بەهۆی شەڕو دەمەقاڵەوە زیندانی دەکرێن و دواتر بەکەفالەت ئازاد دەکرێن .

## گرانکردنی کرێی هێڵەکانی ناوشار لە کەلار هەڵوێستی پێکەنیناوی لێدەکەوێتەوە

**باوکی سایە**

بەرێکەوتنی سەندیکای کرێکارانی کەلاروقایمقامیەتی کەلارو شۆفێری هێڵەناوخۆییەکانی شارەکە کرێی هاتووچۆی ناوشارلە٢٥٠ دینارەوە کرایە ٣٥٠ دینار، والی حەمە ساڵح جێگری لێپرسراوی لق گەرمیانی سەندیکای کرێکاران لەمبارەیەوە وتی"دەبێ بانکی کەلار فیئەی پەنجا دیناریمان بۆبخاتە بازارو مامەڵەی پێبکرێ" زیادکردنی کرێ هەڵوێستی پێکەنیناوی بەشوێنەوە بوو وەك ئەوەی شۆفێرێکی هێڵی بازاڕ-شەهیدان بۆباقیدانەوەی نەفەرەکان کە٥٠٠ دیناریان لێوەردەگرن نوقڵ وچکلێتی داوەتە نەفەرەکان ،لەهێڵەناوخۆییەکانی تریش نەفەرەکان دوو دوو ڕێککەوتوون کەیەکێکیان ٢٥٠ دینارو ئەویتریان ٥٠٠ دیناربدات،هەروەك ئەو شۆفێرانەی بە (جرت وفرت)دەناسرێن وهێلیان نیە ٥٠٠ دینارلەنەفەرەکان وەردەگرن.

## بەرنامەیەکی ڕادیۆیی لەگەرمیان ١٠٠ منالی هەتیو بەخێو دەکات

لەرێگەی بەرنامەیەکی ڕادیۆییەوە کەلەڕادیۆیەکی لۆکاڵی گەرمیاندا پێشکەش دەکرێت،موچە بۆسەد منالی بێ باوکی گەرمیان وخێزانەکانیان بڕاوەتەوە ،فەریق حەمە ساڵح بەرێوەبەی ڕادیۆی گەرمیانی یەکگرتوو بە (بارین) ی ڕاگەیاند"لەرێگەی بەرنامەی نمەی نازدارانی ڕادیۆکەوە ١٠٠ خێرخوازمان لەکەلاردا پەیداکردووە کەموچەی مانگانە بدەنە ئەو ١٠٠ منالە بێ باوکە ودایکە هەتیو بارەکانیان "وتیشی"منالەکان خەلکی کەلارو باوەنورو کفری وخانەقین ودەربەندیخانن وڕادیۆکەشمان بە درێژایی دەساڵی دامەزراندنی دەیەها پرۆژەی ئینسانیانەی هاوشێوەی هەبووە"



### "زۆربەی کات ماڵەوە لەتواناى خۆم زیاتریان لێ داواکردووم " مامۆستایەکی ژن لەزانکۆی سلێمانی

......ل ٤

### کاری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی یەکێك لەهەڕەشە ترسناکەکانی سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێ

..........ل٧



## لەم ژمارەیەدا

دەربارەی ئەنفال ورەهەندە سایکۆلۆژی وکۆمەلأیەتی ویاساییەکانی ، کۆمەڵێك بابەت وبەدواداچوون ولێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە لاپەرەکانی ( ٢ – ٣ – ٤ – ٥ – ٦ )ی ئەم ژمارەیەدا بخوێنەرەوە